# وەزارەتی ناوخۆ لەبارەی هەڵاتنی تاوانبارێک بەکوشتنی بەڕێوەبەری کۆمپانیای دایە لێبڕسێ ڕونکردنەوەیەک بڵاودەکاتەوە

وەزارەتی ناوخۆ، ئەمڕۆ دووشەممە، ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە لەبارەی هەڵاتنی تاوانبارێک بەکوشتنی بەڕێوەبەری کۆمپانیای دایە.

وەزارەت لە بەیاننامەیەکدا وتی" هەندێک لە ماڵپەڕەکان هەواڵی هەڵاتنی تاوانباری کوشتنی بەڕێوەبەری کۆمپانیای دایەیان بڵاوکردەتەوە، کە بە مادەی 412 لەیاسای سزادان دووسالە سزای زیندانی درابوو ، کەهیچ پەیوەندیەکی بە بابەتەکەوە نیە، وتیشی کە تەمەتبارەکە دووچاری شکبوونی گورچیلە بووە و لەیەکێک لە نەخۆشخانەکانی نزیک بنکەی پۆلیس چارەسەری وەردەگرت ئەویش بەپێی بەیاری دادوەر، بەنام ئەم دەرفەتی قۆستەتەوە هەڵاتووە، دەزگا ئەمنیەکانیش دەستیان کردووە بە گەڕان بەدوای تاوانبارەکەدا و جگەلەوەش لێژنەیەکی لێکۆڵینەوەی بە بابەتەکە پێکهێناوە.